کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# تۆڵە کردنەوە

مستەفا چوارتایی
chuartaiy@gmail.com

بەرەبەیان
پێش ئەوەی مەلای ئاوایی
دەنگی بانگی دەنگداتەوە
زرمە هەستا
گیز و هووڕی گوللە بەرەو گوێسوانەکان
نزیک بۆوە
کاتێک لە پەنجەرەکەوە
یەک یەک . بە نۆبە ناو بە ناو
جار جار سەرمان دەرئەهێنا
ئەمانبینی
تانک و زریپۆش و سەرباز
بەرەودێ دێن
زیاتر لە ژمارەی خانووی
گوندەکەمان
چەند شۆفڵ و
بلدۆزەریان
لەگەڵ خۆیانا هێنابوو
داگیرکەران بۆم مەبەستە
چەند سەگێکی خۆماڵیشیان ڕست کردبوو
جا ئەو رۆژە
پێشمەرگەکان
لە جێگەیەکی دوورتر لە دێکەی خۆمان
داستانیان تۆمار ئەکرد
لە دەستڕێژی هەر جارێکدا
لاشەی چەندین داگیرکەریان
لە خاک و خوێنا ئەگەوزاند

زۆری نەبرد هاتنە پێش و
لەماڵەکان دەریانهێنایین
هەر سەربازێک
لێمان نزیکبوایەتەوە
لەگەڵ تفدا
سەروشەقی تێهەڵئەدایین
شۆفڵەکان
نزیک بوونەوە، کەوتنە گەڕ
خانووەکانیان
لەگەڵ زەویدا تەخت کرد
سەربازەکان
هچیان نەهێشت
تەنانەت قەل و مریشک و
پێخەفی ماڵەکانیشیان بەتاڵان برد
ئنجا وتیان:
تا زووە، بڕۆن چۆڵیکەن
سبەی کۆپتەر دێ، دەگەڕێ
زیندووتان لێرە ببینرێ
دادەبێژرێ

لەدوای ئەوە
بەرەودوا کشانەوە
نەگەیشتبوونە نیوەی ڕێ
کاتێ دیتیان
ڕێبوارانی ڕێی ئازادی
بەرەودێ دەگەڕانەوە
بە شەڕ هاتن
هەر لەوێدا
سەرباز و ڕستکراوەکان
بە گوللەی تۆڵە کوژران و

**تانک و زرێپۆش و سەرباز**
**سووتێنران**
**دوکەڵ لەگەڵ**
**دوکەڵی ئاگری دێکە تێکەڵاو بوو**
**گەییە ئاسمان**
**دووپات بۆوە کە هەتا سەر**
**داگیرکەر**
**لە هیچ جێگایەک**
**نامێنێت و**
**بەشییەتی**
**ریسوایی و نەمان**

پێنج شەممە 23 .4 ـ 1987 هەولێر